# بڕیارە خەستەخانەیەك بۆ خانەوادەی شەهیدان لە كوردستان دروست بكرێ




لەرۆژی 2007/7/24 وەزیری مافی مرۆڤ لە دیوانی وەزارەت پێشوازیکرد لە (خلف عبدالصمد) سەرۆكی دەزگای شەهیدانی عێراق و وەفدە یاوەرەكەی كەبەسەردانێكی رەسمی گەیشتبوونە كوردستان.لەم دیدارەدا باس لە ئازارەكانی گەلی عێراق بەگشتی كرا كە لەسایەی حوكمی رژێمی پێشوو چێشتویانە و بەسەدان شەهیدی لەهەموو عێراق لێكەوتۆتەوە...

هەروەها هاریكاری نێوانی وەزارەتی مافی مرۆڤ و دەزگای شەهیدانی عێراق گفتوگۆی لەسەركراو وەفدی ناوبراو پێشنیاری ئەوەیانكرد كە دیواربەندێكی شیاو بۆ هەموو شەهیدانی عێراق لەبەغدا دابنرێ كەسیمای پیرۆزی هەموو شەهیدانی كەلانی عێراقی پێوە دیاربێ.

وەفدی ناوبراو ئەوەشیان راگەیاند:

ئێستاكە كار بۆئەوە دەكەن كە یاسایەك بۆ شەهیدانی تیرۆر دابنرێ و دەزگایەكی ئەرشیف سازیش بكرێتەوە بۆ هەموو شەهیدانی كارە تاوانكارییەكان..

لەبەرامبەردا د.شوان مەحەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤی حكومەتی هەرێمی كوردستان روونیكردەوە كە گەلی كورد بەر لە ساڵی (1986)ەوە خاوەنی دەیان شەهیدەو حكومەتە یەك لەدوای یەكەكانی عێراق درێغیان بە كوشتن و بڕین وماڵوێرانی گەلی كورد نەكردووەو بۆیە ئێستا حكومەتی هەرێمی كوردستان كار بۆئەوە دەكات كە ئەنفال بە جینۆسایدی گەلی كورد بەتاوانێكی جیهانی بناسرێ و داواشی

**لە وەفدی میوان کرد کەدەبێ ئێوەش لەسەر ئاستی بەغداو دەوڵەتە عەرەبیەکان و جیهان بۆ ئەم پرۆژەیە دەوری باش بگێڕن...**

**وەفدی ناوبراو ئامادەباشی خۆیان نیشاندا کە درێغی نەکەن لەم کارە و ئەم تاوانەشیان بەجینۆساید زانیوە و پێویستە هەموو دونیاش لەمە ئاگاداربکرێتەوە.**

**شایانی باسە دەزگای شەهیدانی عێراق لەسەرەتای ساڵی 2007 دەستی بەکارەکانی کردووەو لەم سەردانەیاندا پرۆژەی دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی مۆدێرن-یان لەگەڵ خۆیان هێناوە بۆ سوودبەخشین بەخانەوادەی شەهیدانی کوردستان و هەموو عێراق کە دەکرێ لە کوردستان دروستبکرێ و لەجیاتی ئەم خەڵکە رەوانەی دەرەوەی عێراق بکرێ بۆ چارەسەری با بنێردرێنە ئەم نەخۆشخانەیە لە کوردستان.**